www.kurdistannet.org
19-7-2006 14:13بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئایا سەلاح موزەلی دوو کچی تریش گوڵە باران ناکا؟!! ... تاڤگە سابیر



بیرمەندو ڕووناکیبران دووچاری ناکۆکی دێن کاتێک هەوڵدەدەن یاسایی دەسەڵات و شەرعییەت ڕاڤە بکەن، چونکە ڕوو بەڕووی ئەم پرسیارە دەبنەوە، کێ ئەم دەسەڵاتەی بەدەستەڵاتداران داوە؟ دەسەڵاتداران لە نێو سیستەمی دەستووریدا وەکو فرمان و وەزیفەیەک دەسەڵات دەگرنە دەست، نەوەکو لەسایەی سیفاتی تایبەتی و کەسایەتی خۆیان، بۆیە کەس بۆی نییە بانگەشەی دەسەڵات بکات، لەبەرئەوەی دەستوور ئەو مەرجانە دیاری دەکات کەدەبێت کەسی دەسەڵاتدار تێیدا بێت و لەهەمان کاتیشدا شەرعییەتییان دیاری دەکات، خودی دەستوور وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە کەدەڵێت دەسەڵاتداران لەکوێوە دەسەڵات وەردەگرن و سروشت و مەرج و ئامانج و سنووریشی پێویستی بەوەڵامی یاسایی هەیە. یەکێکی وەکو سەلاح موزەلی دەست درێژی کردە سەر دوو کچ دوایش لە ناو شەقامەکان گولە بارەنیان کردن لەبەردەم سەرکردەکان، ئایا کام یاسا کام یاسازانان ڕێگە بەو کارە درندانە دەدات؟ بەم جۆرەش حکومەت ئەو سنورانە دیاری دەکات کەدەبێت کۆمەڵگا لێی ڕەت نەدەن، کاری حکومەت بەناو یاسا جۆرە ئیلتیزامێکی بەبنەمای داسەپاو لەبارودۆخی سروشتی داپێ دەدات واتا دەبێت بەڕەسمی بەناوی دەزگای کۆمەڵە یاتی کار بکات، نەوەکو بەپێی ویستی دەسەڵاتداران لێرەدا ڕێگای دەسەڵاتە بۆ دڵدانەوەی دەزگای کۆمەڵایەتی و دڵنیایی کردنیان لەلایەن کۆمەڵەوە شەرعییەت واتا پەیوەستبوونی حکومەت، بە یاساو دەستوورو لانەدان لەم پرنسیپانە و پێڕەوکردنی لەم پێناوەدا. جێگەی داخە یاسای دەڤەری ئێمە بووەتە یاسای عەشیری. جێگەی پرسیارە سەلاح ئەم 12 دەفتەر دۆلاری لە کوێ بوو کە ئەم سولعەی پێ بکات؟ یان کێ گەرەنتی ئەوە دەکات کە دەست درێژی ناکاتەوە سەر دوو کچی تریش ئەوانیش گولە باران ناکات؟!!! لەو باوەڕەدان هیچ بنچینەیەک یا بنەمایەکی یاسایی نییە دەسەڵات بەکۆمەڵێک یاتاقمێک بدات لەناو دەوڵە تدا؟ حکومەت یادەستەڵاتی سیاسی لەنێو سەرجەم کۆمەڵگادا بۆچوونی ئەوان تەنها زەوتکردنی ئەو هێزەیە یا دەسەڵاتەیە کە لە بنچنەدا کەس بۆی نییە دەستی بەسەردا بگرێت و زەوتی بکان. دەسەڵات ئەو کەسانە توشی فەسادی دەکات کە دەیگرنە دەست بەو ڕادەیەی ئەو خەڵکانەش فەساد دەکات کە بەسەریاندا دەسەپێت. ئەم بۆچوونە وەکو یۆتۆپیایێک لە نێو هزری مێشکی زۆر لەو بیریارانەدا دەخولایەوە کە بانگەشەی سەربەستی و ئازادی ڕەهایان دەکرد، ئەو ئازادییەی دان بەهیچ یاساو سنورێک نابێت بانگەشەکارانی ئەم تێزە لەو باوەڕەدان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەتوانێت بەبێ ئەوەی دان بەهیچ دەسەڵاتێکەوە بنێت گوزەران نە کەن؟ بێ گومان ئەوانە ڕۆژانە دەستیان لە فەسات کردن ژنی کورد بووە. بەڵام سەلاح نەبوو کە فەسادی بە کچی کورد کرد کام دیناکانی ئاسمان هەزمی ئەم درندایەتییە دەکا؟ هەتا شەریعەت ڕێگەی پێ بدەت بە 12 دەفتەر دۆلار خوێنی دوو کچ پێ بکرێتەوە!!! ئایا مرۆڤ بە پارە دەکرێت؟ هاتا سەلاح بەناو کچە کوردەکان کەوێت، هەر وەکو قەساب کەوتوەتە ناویانەوە! من دەست خۆشی لە سەرکرداکان دەکەم ئەمان ڕێگە بە هەزارانی وەکو سەلاح دەدەن بۆ سووکایەتی ژنی کورد.

سوێد 2006